# SÜRYANİ ARAP VE KÜRT KLASİKLERİ

## ULUSLARARASI KLASİKLER ÇALIŞTAYI BİLDİRİLERİ

Editörler
M. Nesim Doru-Ahmet Kırkan-Yakup Aykaç

15-17 Mayıs 2017/Mardin

Mardin Artuklu Üniversitesi Yayınları

**SÜRYANİ ARAP VE KÜRT KLASİKLERİ**
*Uluslararası Klasikler Çalıştayı Bildirileri*

**Genel Yayın Koordinatörü**
Prof. Dr. Ahmet Ağırakça

**Editörler**
M. Nesim Doru, Ahmet Kırkan, Yakup Aykaç

**İç Düzen ve Kapak Tasarım**
Mustafa Akbaş

**Matbaa Sertifika No:** 22114

Birinci Baskı
Aralık 2017
Mardin

**ISBN**
978-605-4202-34-8

**Baskı-Cilt**
Mardin Sesi Gazetecilik Matbaacılık Yayıncılık
Amb. Dağ. San. ve Tic. Ltd. Şti.
www.mardinsesi.com.tr

Copyright© Mardin Artuklu Üniversitesi Yayınları
Mardin Artuklu Üniversitesi, Artuklu Yerleşkesi, Diyarbakır Yolu Artuklu / Mardin
Tel : +90 482 2134002 • Fax : +90 482 2134004 • web : www.artuklu.edu.tr

# SÜRYANİ ARAP VE KÜRT KLASİKLERİ

*Uluslararası Klasikler Çalıştayı Bildirileri*

**ULUSLARARASI KLASİKLER ÇALIŞTAYI**
**(Arap, Kürt ve Süryani Klasikleri)**
**15-17 MAYIS 2017**
**MARDİN**


**ÇALIŞTAY ONURSAL BAŞKANI**
Prof. Dr. Ahmet Ağırakça

**BİLİM VE DANIŞMA KURULU**
Prof. Dr. Ahmet Ağırakça (Mardin Artuklu Üniversitesi)
Doç. Dr. Abdulwahab Khalid Musa (Zaho Üniversitesi, Irak)
Prof. Dr. Celîlê Celîl (Wien University, Austria)
Prof. Dr. Eyüp Tanrıverdi (Dicle Üniversitesi)
Prof. Dr. Faruk İsmail (Mardin Artuklu Üniversitesi)
Prof. Dr. George Grigore (Bucharest University, Romania)
Prof. Dr. Hasan Tanrıverdi (Dicle Üniversitesi)
Dr. Heval Selim Teyib (Duhok Üniversitesi, Irak)
Doç. Dr. Idrees Karim (Süleymaniye Üniversitesi, Irak)
Doç. Dr. Luay Khalil (Qatar University, Qatar)
Prof. Dr. Mesut Ergin (Dicle Üniversitesi)
Doç. Dr. Salih Akın (Rouen Üniversitesi, France)
Doç. Dr. Soliman Ali Mohamad Abdelhak (King Faisal University, Saudi Arabia)

**ÇALIŞTAY YÜRÜTÜCÜSÜ**
Doç. Dr. Mehmet Nesim Doru

**SEMPOZYUM DÜZENLEME KURULU**
Doç. Dr. Tahirhan Aydın, Dr. Mustafa Aslan,. Dr. Kutlu Akalın,
Dr. Zafer Duygu, Dr. Ahmet Gemi, Dr. Ahmet Abdülhadioğlu,
Arş. Gör. Mesut Arslan, Arş. Gör. Yakup Aykaç, Arş. Gör. Ahmet Kırkan

## KÜRT KLASİKLERİ

Baba Tahir û Dubeytıyên Wî ........ 355
*Nesim SÖNMEZ*

Klasîka Hızr û Edebiyata Kurdî: Dîwana Melayê Cizîrî ........ 389
*M. Nesim DORU*

‘Eqîdenameyên Kurmancî Yên Menzûm û Bandora ‘Eqîdenameya Ehmedê Xanî ........ 397
*Zahir ERTEKİN*

پێگەی نالی لە ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردیدا ........ 427
*هێمن عومەر خۆشناو*

Weda’î û Dîwana Wî ........ 443
*Osman ASLANOĞLU*

Şêx Ehmedê Feqîr û Dîwana Wî ........ 465
*Hayrullah ACAR*

Elmas Xanê Kendûleyî û Berhemên Wî ........ 481
*Semih GEZER*

Rûhî: Helbestvanekî Dahêner ê Serdema Pıştî Mîrektiyan û Bandora Wî ........ 491
*Abdurrahman ADAK*

Edebîyatê Klasîk yê Kirmanckî ........ 511
*Ahmet KIRKAN*

Şêx Şemsedînê Exlatî û Helbestvanên Malbata Wî ........ 551
*Yakup AYKAÇ*

# پێگەی نالی لە ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردیدا

هێمن عومەر خۆشناو *

پێگەی نالی[1] لە ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردیدا، ناوونیشانی ئەو لیکۆڵینەوەیەیە، کە هەوڵ دەدا لەناو چوارچێوەی گشتی ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردیدا و ئەدەبیاتی شێوەئاخاوتنی ناوەڕاست (سۆرانی) دا، ڕۆلێ نالی وەك ڕابەرێکی دیار تاوتوێ بکات و ئەو بنەمایانە باس بکات کە شیاون بۆ ئەوەی نالی وەك ڕابەر دەستنیشان بکرێت و هەروەها ڕۆڵ و پێگەکەی دیاری بکرێت.

ئەگەرچی سنووری ئەم ناوونیشانە، زۆر فراوانە، ناکرێ لە توێژینەوەیەکی ئاوا کورتدا ئەو بوارە فراوانە دەستنیشان بکرێت، بەڵام هەوڵ دەدەین لەسەر چەند بنچینەیەك، ڕۆڵی گرنگی ئەم شاعیرە دەستنیشان بکەین و بنەماکانی داهێنان و چنینی داهێنانکارانە لەناو دەقەکانی نالیدا دیاربکەین و ڕۆڵی ئەو وەك بناغە بۆ شیعری کلاسیکی کوردی دوای خۆی نیشان بدەین. کە خۆی لە چەند سەرناویك دەبینێتەوە، لەوانە ئەدەبیاتی کلاسیزمی کوردی لە سەردەمی نالیدا، نالی و ڕچەشکێنی زمان،

* Alk. Doç. Dr., Zanîngeha Bîngolê, Beşa Ziman û Edebiyata Kurdî, Heminahmad40@gmail.com

2 نالی ناوی مەلا خدری کوڕی ئەحمەد شاوەیسی بەگی میکایەڵییە، لە تیرەی جافە، لەساڵی 1800 لە گوندی خاك و خۆڵی دەشتی شارەزوور لەدایك بووە، لای باوکی خۆی خوێندووە و پاشان بۆ خوێندن دەچێتە سنە و سلێمانی و کۆیە و چەند شارێکی دیکەی کوردستان. نالی نەك هەر شاعیر بەڵکو زمانەوان و یەکێك لە زانا دیارەکانی سلیمانی بووە. لە ساڵی 1847 کتێبێك بەناوی (فەوائیدی عەقلیەو نەقلیە) لە پەسنی سولتانی عوسمانی دەنووسێت و دواتر دەچێتە شام و پاشان دەچێتە حەج و چەند ساڵێك لە حەج دەمێنێتەوە و نێوانی لەگەڵ ئەمیری مەککە خۆش بووە و لە ساڵی 1873 دەگەڕێتەوە ئەستەنبوڵ و لە 1877/11/23ی میلادی لە ئەستەنبوڵ کۆچی دوایی دەکات. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە (دیوانی نالی)، هەروەها (نالی لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا، هێمن عومەر خۆشناو، تورکیا، 2017).

نالی و مەسەلەی زمانی یەکگرتووی کوردی، نالی و ناسیۆنالیزم، نالی و زمانی حەیوانات، نالی و داهێنانی شیعر وەك زمانحاڵی میرنشینی بابان، نالی و داهێنان لە چەند بوارێکی شیعردا، نالی و پەڕینەوە لە ناوچەیەکەوە بۆ تەواوی کوردستان.

لە کۆتاییشدا چەند ئەنجامێك خراونەتە ڕوو.

**ئەدەبیاتی کلاسیکی لەسەردەمی نالیدا:**

بێگومان میرنشینە کوردییەکان ڕۆڵێکی مەزنیان لە بەرەوپێشبردنی بزاڤی ڕۆشنبیری بەگشتی و ئەدەبیات بەتایبەتی هەبووە، هەر لەو سۆنگەشەوە بووە کە زمانی کوردی دابەشی سەر دیالێکتی ڕەسمیی میرنشینەکان بووە، ئەم ڕێزگرتنەش لەلایەن شاعیرانەوە بۆ زمانی دەوڵەت و قەوارەی میرنشینەکان، دەورێکی گرنگی هەبووە لە پاراستنی زمان و بناغەیەکیش بووە بۆ بەرەوپێشبردنی ئەدەبیات بەو شێوە ئاخاوتنەی کە لای میرنشینەکان بۆتە زمانی ڕەسمی یان نیمچە ڕەسمی.

ئەگەر لەو ڕوانگەوە ئەدەبیاتی کوردی بخوێنینەوە، ئەوا دەبینین لە میرنشینی بۆتاندا شێوەئاخاوتنی بۆتانی و، لە میرنشینی ئەردەڵاندا شێوەئاخاوتنی هەورامی و، لە میرنشینی باباندا شێوەئاخاوتنی سۆرانی گرنگیان پێدراوە، هەرئەمەشە وایکردووە دەستەڵاتی شاعیران لەناو زمانەکەدا ڕەنگ بداتەوە، ئەگەرچی جارجاریش شاعیران لەبەر شانازی و ڕێزەوە پێچەوانەی شێوەئاخاوتنی خۆیان دەستیان بە نووسینی ئەدەبیات کردووە، لەم ڕووەوە (مەولەوی) باشترین بەڵگەیە کە خۆی لە عەشیرەتی جاف بووە و ئاخاوتنەکەی کرمانجی ناوەڕاستە، کەچی لەبەر ڕێزی ئەردەلانییەکان، ئەدەبیاتی خۆی بە هەورامی نووسیوە.

لە سەردەمی نالی دا بزاڤی ئایینی حوجرە و مزگەوتەکان لەوپەڕی باشی دابوو، بەتایبەتی حوکمڕانی بابانەکان زۆر بایەخیان بەم بواری زانست و زانیارییە دابوو، بەڵام زاڵبوونی ئەدەبیاتی گۆران (هەورامی) بەسەر ئەدەبیاتی باشووردا، نەیهێشتبوو ئەدەبیاتی شێوەئاخاوتنی سۆرانی وەك ئەدەبیاتێکی هونەرییانە خۆی نیشان بدات، هەر لەبەر ئەمەش وێرانی نالی هەنگاوێکی گەورە بوو کە لە توانجی ئەوانیتر نەترسێت و بتوانێت بە ڕوونی و بە شێوازێکی بەرز لە ناوچەکەی خۆیدا ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی بەرەو پێش ببات، چونکە پێش ئەو، ئەوەی هەبووە یان بە هەورامی بووە و یان بە سۆرانییەکی میللی بووە. تەنانەت کەسایەتییەکی وەك مەولانا خالیدی نەقشبەندییش ئەو چەند تێکستە شیعرییەی کە بە کوردی هەیەتی، بە شێوەئاخاوتنی هەوارمییە و بە سۆرانی ئەدەبیاتێکی بەرزی نەنووسیوە.

## نالی و ڕچەشکێنی زمان

بێگومان بەر لە شێوەئاخاوتنی سلێمانی، کە نالی بۆ یەکەم جار کردویەتیە زمانی ئەدەبیات، شێوەئاخاوتنەکانی بۆتان و گۆران سەدان ساڵ بوو بەرهەمیان پێ دەنووسرا، بەتایبەتی دیالێکتی گۆران دەیان داستانیان پێ هۆنراوەتەوە و بوونەتە تەڕایی سەر زمانی ئاخێوەرانی کورد و بۆتە بناغەیەکی توند بۆ پاراستنی زمانی کوردی، لەبەرئەوە ئەگەر پۆلێنبەندی بکرێت، ئەوا دەردەکەوێت ئەدەبیاتی گۆران (لە ئەدەبی دیالیکتەکانی ترمان بەتەمەنتر و دەوڵەمەندتر و بەربڵاوترە و بەتایبەتیش ئەو ژمارە زۆرە داستان و چیرۆکە دڵدارییانەی کە بەم دیالێکتە نووسراون و لەبەردەستدان و چیرۆکە ئەدەبیی و دیالێکتەکانی ترماندا، یەکجار زۆرن و کەم وێنەن.)[3]

ئەم ڕچەشکێنییەی نالی بۆ زمانی کوردی بەگشتی و زاری ناوچەی سۆران بەتایبەتی، بۆ ئەو کات شتێکی گرنگ بوو، چونکە بەر لە نالی زۆر بە شەرمەوە تاك و تەرا هەلبەستی میللی بەو دیالێکتە دەنووسرا، تەنانەت ئەو زانایەکی وەك ئیبنولحاج لە ساڵی 1760ی زایینی مەنزوومەیەکی لە شێوەی چوارینەدا نووسیوە و زۆر بە شەرمەوە باس لەوە دەکات کە بە زمانێکی کوردیی نافەسیح نووسیویەتی:

**نەزمم کرد لە قەولی سەحیح**

**بە لەفزی کوردی نافەسیح**

**بۆ مونسیفان لا لیششەحیح**

**بۆ ئینتیفاقی عاممەتێ.**[4]

دواتر کە نالی دێت، نەك هەر شەرم ناکات، بەڵکو جگە لەوەی شیعر لە چوارچێوەی میللی بوونەوە دەگوازێتەوە بارێکی هونەریی بەرز، وەك شیعری عەرەبی و فارسی و تورکی، لەسەر بنەمایەکی عەرووزی و بە شێوەی غەزەل و قەسیدە و موستەزاد و جۆرەکانی دیکە، سەر لە نوو شیعر دەنووسێ و تەحەددای هەموو ئەو ڕەخنانەش دەکات کە ڕووبەڕووی دەبنەوە لەسەر ئەوەی بۆچی بە زمانی کوردی دەنووسێت؟ لە وەڵامدا ئەو بە شانازییەوە دەڵێ:

**کەس بە ئەڵفازم نەڵێ خۆکوردیە خۆ کردییە**

**هەر کەسێ نادان نەبێ خۆی تاڵبی مەعنا دەکا**[5]

[3] ئەدەب و مێژوو(چەپکێ لێکۆڵینەوە لە ئەدەب و بەڵگەنامەی مێژوویی کورد)، محەمەد حەمەباقی، بلاوکراوەکانی موکریان، هەولێر 2013، ل 280

[4] دەقنامە، محەمەد عەلی قەرەداغی، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، 2008، ل 46

[5] دیوانی نالی، مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتح عەبدولکەریم، بەغدا، 1976، ل 107

تا دەگاتە ئەوەی شانازی بە شیعرەکانی بکە لەبەرئەوەی نەك سووك نەبوونە کە بە زمانی کوردی دەیاننوسێت، بەڵکو لە شیعری خەڵکی دیکەش باشتر خۆیان نیشان دەدەن:

**شیعری خەلقی کەی دەگاتە شیعری من بۆ نازکی**

**کەی لە دیقەتتدا پەتك دەعوا لەگەڵ هەودا دەکا**[6]

لەگەڵ ئەمەشدا نەیویستووە ڕەگەزپەرستیانە بیربکاتەوە و دان بە شیعری نەتەوەکانی دیکە نەنێت، بەڵکو بە پلەی یەکەم شیعری کوردی وەرگرتووە و بە زمانەکانی دیکەش شیعری نووسیوە و ئەم شانازییەشی بۆیەکردووە، کە دەستەڵات و توانای خۆی نیشان بدات، ئەوەتا دەڵێ:

**فارس و کورد وعەرەب هەر سێم بە دەفتەر گرتووە**

**نالی ئەمڕۆ حاکمی سێ موڵکە دیوانی هەیە.**

لەمەدا دەردەکەوێت، (نالی ئەگەر زمانی کوردیی بە سووك و بێ بایەخ دابنایە، شان بە شانی عەرەبی و فارسی ڕێزی نەئەکرد و هەر سیانیانی بە سێ وڵات دانەئەنا و خۆی نەئەکرد بە حوکمڕانی هەر سێکیان[7]).

نالی وێرای ئەوەی هێزێکی پڕ لە وێرانی لەپشتە بۆ دەربڕینی بیروڕاکانی و شیعرەکانی، لەگەڵ ئەمەشدا جگە لەوەی شانازی بە زمانەکەی دەکات، شانازی بە دەقە شیعرییەکانیشی دەکات، ئەم شانازیبوونەی جۆری شیعر و توانین و وێرانی بە کوردینووسینەکەی، ئاماژەی ڕوونن کە نالی بناغەی بوونە ڕابەر و سەلیقەی زمانەوانییەکەشی بوونەتە پێوەر بۆ کەسایەتیی گەورەی ئەدەبی، تەنانەت دیپلۆماتی ڕووسی قەیسەری ئەلیکساندەر خۆدزکۆ (1804-1891) کاتێ ئەحمەد پاشای بابان دەبینێ وەها وەسفی نالی دەکات، کە (نالی ئەفەندی ئەم زاتە بەهرە و توانای خۆی وەکو پسپۆڕێکی شارەزا بۆ دیراسەکردنی دیالیکتەکانی کوردستانی نیشتمانەکەی تەرخان کردوە و هەروا لەمەوبەر کتێبێکی قەواعیدی زمانی عەرەبی بۆ کوردی تەرجەمە کردوە و ئەحمەد پاشای بابان بەڵێنی دامێ کە لە دەرفەتێکی لەباردا بە سەرۆکی زمانەوانەکانی وڵاتەکەیم بناسێنێ)[8]. لێرەوە بەدەردەکەوێت کە نالی نەك هەر شاعیرێکی ئاسایی بووە، بەڵکو سەرۆکی زمانەوانانی کوردستانیش بووە و دواتر کە بەڵگەکانی عوسمانیش دەرکەوتن، لە بەڵگەکانیشدا (ئاماژە بە کتێبێکی دیکەی نالی

---

6 سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

7 دیوانی نالی، ل 67

8 نالی لە دەرەوەی کوردستاندا، د.عەبدوڵلا حەداد، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر 2000، ل 8

و هەروەها بە زانا و کەسایەتیی)[9] ناوی هێنراوە و چەند ساڵێك لەمەوبەریش شیعرێکی 116 بەیتی بە زمانی عەرەبی بەناوی نالی بڵاوکرایەوە، کە لە پەسنی ئەمیری مەککە نووسیویەتی و تێیدا دەقێکە پڕ لە هونەری جوانکاری و چنینی ڕەوانبێژییانە.

## نالی و ناسیۆنالیزم

ئەگەرچی بیری نەتەوەیی لەناو دەقە ئەدەبییەکانی کلاسیکی کوردیدا، لە سەردەم بۆ سەردەم جیاوازە، ئەگەر بنەمایەکەی بۆ ئەحمەدی خانی بگەڕێتەوە، ئەوا لە سەردەمی نالیدا زۆر بە کەمی ئەو بنەمایانە باس کراوە، بەڵام کاتێك ستەم لە کورد دێتەکرن، نالی وەك شاعیرێك ئەم هەستە نیشتمانییەی خۆی تێکەڵی ناو شیعرەکانی دەکات، ئەگەرچی وا باو بوو کە دەقی کلاسیك لە دەقی چینی بەرزەوە بمێنێتەوە و خۆی لە قەرەی شتە لاوەکییەکانی تایبەت بە نیشتمان و بارودۆخ نەدا، کەچی لەمەشدا نالی ڕچەشکێن بووە.

ئەگەر (نەتەوەپەرستی و نیشتمانپەروەری بەپێی واتا زانستانەکەیان بەرهەمی قۆناغێکی تایبەتیی گۆڕانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتین و لەپێش پەیدابوونی ئەو قۆناغەدا نەبوون. بەڵام ئەوەندەی کە چەکەرەی ئەم قۆناغە تایبەتییە لە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی قۆناغەکانی پێش خۆیدا بووبێ، ئەمانیش هەروا چەکەرەیان لەو قۆناغەدا بووە.

کوردستانی سەردەمی نالی هێشتا نەگەیشتبووە ئەو قۆناغەی کە هەستی نەتەوەپەرستی و نیشتمانپەروەریی تیا بەدەرئەکەوێ کە قۆناغی سەرهەڵدانی سەرمایەدارییە. بەڵام ڕەنگدانەوەی ئەورووپای سەرمایەداری لە وڵاتانی عوسمانی و ئێرانیدا کە عوسمانی ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی ئەوروپا ئەوەستا و لە هەمان کاتیشدا کەوتبووە بەر تەکانی هێرشی ئابووری و ژیانی کۆمەڵایەتیی پێشکەوتووی ئەو، کارێکی ئەوتۆی کردبوو کە چەکەرەی نیشتمانپەروەریی نوێ و هەستی نەتەوەپەرستی لەم وڵاتانەدا و لەناو ئەواندا لە کوردستانی عوسمانیشدا پەیداببێ. )[10]

ئەمە لای نالی لە چەند ڕوویێکەوە خۆی بەرجەستە دەکات، لەوانە شاعیر نیشتمانپەروەری وای لێدەکات پرسیاری حاڵی شارەکەی بکات کە لە بن دەستی عوسمانییەکان چی بەسەرهاتووە، ئەمەش لە چامە شیعرییە بەهێزەکەی نێوان خۆی و سالم بەدیاردەکەوێت، یان لەو ململانێیە بپێچێتەوە کە کوردستانی کردۆتە دوو بەرداشی ڕۆم و عەجەم، هەر لەو سۆنگەشەوەیە کە بە هەستێکی نیشتمانییانەوە

[9] بڕوانە: نالی لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا، هێمن عومەر خۆشناو، چاپخانەی کارداشلەر مەتبەعەسی، قەیسەری، تورکیا، 2017.

[10] نالی لە کلاوڕۆژنەی شیعرەکانیەوە، محەمەدی مەلاکەریم،چاپی دووەم، ئاراس، 2009، ل55

وەسف و ستایشی تاقمی سەربازانی بابان دەکات و دەڵێ:

ئەم تاقمە مومتازە کەوا خاصصەیی شاهن
ئاشووبی دڵی مەملەکەت و قەلبی سوپاهن
گوڵزاری دەر و دەشتن و غیلمانی بەهەشتن
ئاهوو سەف و ئاتەش بە کەف و تیژ نیگاهن
گەهـ تاوس و گەهـ کەبکن و گەهـ بۆقەلەموونن
گەهـ ئاتەش و گەهـ شوعلە گەهێ دوودی سیاهن[11]

تادەگاتە ئەوەی نالی کە نیوەی زیاتری تەمەنی لە دەرەوەی خاکی کوردستان بەسەربردووە، ئەم هەستە نیشتمانییەی هەر لا دەمێنێتەوە و لە شیعریکی دا بە ڕوونی باسی ئەوە دەکات و دەڵێت:

دڵ سیاسەنگ نەبێ مائیلی خاکی وەتەنە
خاڵی لەعلی حەبەشە، ساکینی بوردی یەمەنە

تا دەگاتە ئەوەی بڵێت:

ڕۆشنیی دیدە بە ئینسانە، کە موژدەی قەدەمت
ڕۆشنیی دیدەیی غەمدیدەیی بەیتولحەزەنە
دڵی نالی کە ئەنیسی قەرەداغە ئێستەیش
داغی سەرچاوە و دێوانەیی دار و دەوەنە[12]

یەکێکی تر لە ئەدگارەکانی داهێنان و نوێخوازبوونی نالی ئەوەیە، دەقەکانی ناوبراو خاوەنی یەك مۆرکی تایبەت نەبوونە، واتە سیحری وشە وەها خۆی نیشان دەدات کە هەموو ئایدۆلۆژیا جیاوازەکان لەخۆبگرێت، یان بە مانایەکی دیکە چنینی شیعری نالی وایکردووە، ببیتە ڕابەری شیعری کوردی، ئەم گەواهیدانەش هەروا بە ڕەمەکی نەهاتووە، چونکە ئەگەر وابێ بۆچی بۆ شاعیری دیکە ئەم پەسنانە ناگوترێت، ئەویش ئەوەیە کە (زمان و تەکنیکی هونەری و وشەبازی –pun و غەزەڵنووسی نالی، توێژەرە کوردەکانی ناچار کردووە، کە ئەو بە ڕابەری شیعری کلاسیکی کوردی بناسێنن. ئەو ناساندنە، ناساندنی نالی وەك ڕابەرێکی شیعری کلاسیکی

[11] دیوانی نالی، ل 340
[12] دیوانی نالی، ل 527

کوردی، هیچ تەوژم و ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی لەپشتەوە نەبووە، بەڵکو ئەوە دەقەکانی نالی بوون، لە یەك کاتا لە دەرگای دینداری کورد وەك مودەڕیس، ڕاشنەلاستی وەك مەسعوود موحەمەد، کۆمینیستی وەك حەمەی مەلاکەریم، غەزەلنووسی سێکس و عەشقی، توێژینەوەکاری وەك دکتۆر خەزنەدار و دکتۆر ڕەئووف عوسمان توێژینەوەی لەسەر ئەنجام بدەن.)[13] لەبەرئەوە ئەوە زیندوێتی دەقەکانی نالییە وایکردووە، نەك حەزی کردنە ڕابەری شاعیرێکی وەك نالی بۆ شێوەئاخاوتنی ناوەڕاست و ئەدەبیاتی سۆرانی. ئەم چنینە سەیر و پڕ لە ڕەوانبێژییە نالی کردۆتە موڵکی هەموو ڕەخنەگران، بێ ئەوەی ڕوانگە و پەیکەری ئایدۆلۆژیای بۆ بتاشن.

نالی تەنانەت لە مەدینە و لە سەفەری ڕێگای مەککە و مەدینەشدا (لە کاتی نزا و پاڕانەوەیدا لە بارەگای خوا، ئەوەی لەبیر نەچووە باسی کوردایەتیی خۆی و شیعرەکانی بکا:

موڕادم زیللەت و پاڕانەوەی حاڵە نەوەك نەعتە

بە چەند بەیتێکی (کوردانە)، کە قورئانت سەنا خوانە

ئەگەرچی (کورد)ی دەوری شارەزووری قەسوەتم ئەمما

وەسیلەم تەیبە و حیلمی شەفیع و فەزڵی مەننانە)[14]

دەبینین زۆر بە ڕوونی هەستی کوردانەی خۆی دەردەبڕێت و ئەم چەند ساڵەشی کە نزیك بە نیوەی تەمەنیەتی لە دەرەوەی کوردستان بووە، کەچی زۆر بە جوانی باسی کوردبوون و هەستی کوردانەی خۆی دەکات.

### نالی و مەسەلەی زمانی یەکگرتووی کوردی

نالی وەك ئەوەی بەر لە زۆر کەس هەستی بەوە کردبێت، کە پێویستە کوردیش زمانێکی یەکگرتووی هەبێت و ئەم زمانە یەکگرتووەش وەك ناسنامە و بنکەی دروستبوونی دەوڵەتێك بزانێت، بۆیە لەگەڵ ئەوەی شیعرەکانی بە شێوەئاخاوتنی کرمانجی ناوەڕاست بەگشتی و بەتایبەتیش شێوەئاخاوتانی سلێمانی بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر بە مەبەست و بۆ ئەوەی وشەی دەڤۆك و دیالێکتەکانی دیکەش تێکەڵی شیعرەکانی بکات، هاتووە چەند پەیڤی دەڤۆکەکانی دیکەی کوردی خستۆتە ناو شیعرەکانی، ئەمەش لەلایەکەوە دیارخەری ئەوەیە کە ناوبراو لە خەمی یەکخستنی زمانەکەیدابووە، لەلایەکی دیکەوە وەستایی و شارەزایی ناوبراو نیشان دەدات لە

---

13 ناسیۆنالی ناوەکی و ناسیۆنالی دەرەکی لە شیعری کوردیدا-بونیاتی مێژوویی شوناسی نەتەوەیەك- پ.ی . سەلام ناوخۆش، هەولێر 2015، ل 91.

14 دیوانی نالی، ل 67

زانینی دەڤۆکەکانی دیکە وئەمەش وەك پێویستییەك خۆی نیشاندەدات. بۆ وێنە بەکارهێنانی پەیڤی (لەکن) هی دەڤەری هەولێر و نزیك لە کرمانجی، هەروەها جێناوی سەربەخۆی (ئەز) کە جێناوێکە هاوتای جێناوی (من)ە لە هەندێك باری تایبەت لە کرمانجی سەروو بەکاردێت.

لەکن تۆ خار و خەس گوڵزارە بێ من

لەکن من خەرمەنی گوڵ خارە بێ تۆ[15]

یان:

خاو و بێ خاوی دوو زوڵفی خاوم ئەز

چاوەچاوی یەك غەزالە چاوم ئەز[16]

یان پەیڤی (بن) لە سلیمانی و قەڵەمڕەوی میرنشینی بابان بەکارنەدەهات و زیاتر هەولێر و میرنشینی سۆران بەکاری دێنێت، کە بە مانای ژێر دێت، کەچی نالی زۆر بە لێزانانە بەو مانایە بەکاری هێناوە:

**بن** زگ و جەبهەت سپی، کلك ئێستر و دامەن سیا

یەککە تاز و سێ بڕ و دوو باد و شەش دانگ و درێژ

ئەمانە و چەندین وشەو دەربڕینی دیکە، وا نیشان دەدات کە نالی خۆی بە تەنیا بە دەڤۆکێکی دیاریکراو نەبەستۆتەوە و هەوڵیداوە هیچ نەبێ بە پەیڤ و دەربڕینی دیالیکتەکانی دیکە بەشداری ناو دەقەکانی خۆی بکات.

### نالی و داهێنانی شیعر وەك زمانحاڵی میرنشینی بابان

نالی جۆرێك نوێگەری لەوەدا کرد، کە نەیویست بەوە ڕازی بێت، کە میرنشینی بابان بە درێژایی چەندین دەیە زمانی شیعر و ئەدەبیاتی بریتی بوو لە زمانی میرنشینی ئەردەڵان، ویستی داهێنانێك لەو بوارە ئەنجام بدات و ئەمەش سەریگرت، لەو پێناوەدا کە نەوەی دوای ئەویش لاسایی نالی بکەنەوە و شێوەئاخاوتنی ناوەڕاست و دەڤۆکی سلێمانی بەتایبەتی ببێتە زمانحاڵی ڕاگەیاندنی ئەو میرنشینە، ئەمەش بۆ خۆی جۆرێك لە بوێری و ڕچەشکێنی دەوێت و گۆڕانکارییەکی گەورەیە لە مێژووی میرنشینێك کە شاعیرێك زمانی فەرمی و ڕاگەیاندنەکەی بگۆڕێت و گۆڕانەکەش وەها کاریگەر بێت باندۆر و کاریگەری لەسەر شاعیرانی دوای خۆی دروست بکات.

15 دیوانی نالی، ل 382
16 دیوانی نالی، ل 221

(نالی بۆ بەدەنگەوەچوونی باری سیاسی و کۆمەڵایەتیی نوێ، چوارچێوەیەکی نوێیشی بۆ کاریگەرتریت هۆیەکانی ڕاگەیاندن «اعلام»ی ئەو سەردەمە دانا کە شیعرە، کە نەیهێشت میرنشینی بابان بە دەسمایەی کۆنی دەستی میرەکانی ئەردەڵانەوە کە شیعری بە فۆرم «گۆرانی» بوو، بێتە کایەوە، یا هەر لەسەر سفرە و خوانی فۆلکلۆری ناوخۆیی بخوا و ئەو دەورەی لە ئەدەبی کورددا بینی کە داهێنانەکانی ئەدەبی فارسیی زمانی فارسیی نوێ لە سەردەمی سامانییەکاندا بۆ گەلی فارسییان هێنایە روو)[17]، هەر ئەمەش زاتی نووسینی ئەدەبیاتی خستە بەردەم شاعیرانی دوای نالی، چونکە نالی بەهێزێکی زۆری ڕەوانبێژی و زمانییانە هاتە ناو گۆڕەپانەکە، واتە بەهێزی نالی وایکرد ئەو تۆقە بشکێندرێت و لە پیرۆزی و بوونە عادەت و باوی هەورامییەوە بەرەو سۆرانی هەنگاو بهاوێژن و نموونەی مەحوی و شێخ ڕەزا و حەمدی و حاجی پەیدابن.

## نالی و داهێنان لە جۆری شیعر

نالی هەر تەنیا لە ڕووی مژار و تەکنیکی زمانەوە دەستی باڵای نەبووە، بەڵکو هەندێ شێوازی بەکارهێناوە نەك هەر لە ئەدەبیاتی کوردی، بەڵکو لە ئەدەبیاتی میللەتانی دەوروبەریش بە پێی زانیاری ئێمە نەبووە، ئەویش تێکەڵکردنی سینتاکسی دوو زمانە. بێگومان ئەمەش یاریکردن بە وشە و دەستەڵاتی باڵای زمان و واتای پێویستە کە بێگومان ئەمە لە نالیدا هەبووە و دواتریش وەك لاساییکردنەوە لای شاعیری دیکەوە بەکار هاتووە.

بۆ وێنە، نالی دەڵێ:

درونی لدار الشارزور وبردە

کفرمیسك گرم الی او سردە

تری وردە قوتا وجوتا وسایقا

فیا قوتتی من جوتی ثم فردە

تری عینة الابدان من خاك و خول

تری مندل الاوراق من توز و گردە

تری دشتة بالورد کانت بهشتة

نم الورد باران علی خاك بردە

[17] لە کلاوڕۆژنەی شیعرەوە، محەممەدی مەلا کەریم، چاپی دووەم، ئاراس، ل 8

شوانی سلیمانی پیای پیرمصور کی

کوانی قرداغ هوای دارزرده [18]

دەبینین لێرەدا نالی بە سینتاکسی عەرەبی و بە تێکەڵەیەك لە وشەی کوردی و عەرەبی دەقێکی شیعری جوانی چنیوە و وای نیشانداوە کە زمان لای ئەو تەنیا وەسیلە و ئامرازێکە و دەتوانێ بە هەموو شێوەیەك یاری پێ بکات.

هەر ئەو کاریگەرییەی نالی لەسەر شاعیرانیش وای لە (قانع)ی شاعیر کردووە لاسایی بکاتەوە و بە هەمان شێوەی نالی دەقێکی شیعری بە سینتاکسی عەرەبی و بە پەیڤی کوردی بنووسێت.

وەك دەڵێ:

مضی زستان سرد، أتی الله بهارا

فنفرح هوسمان من دشت أم لشارا

منا یجوتُ جوتا بهێسترٍ و گاجوت

منا یکیش دارا، بکول أم حمارا

إني بعید لحمٍ ، محتاجُ گۆشت گیسكٍ

یا لیت ولْمه گۆشتێک یستبرژُ لمارا

یان دەڵێت:

و کویژات کویژات بژورات شارنا

مع ازمر ومکرون دول هنارنا

وئاو کاوی ساردی سرچنار بهاوینن

و داس تور وپاچ مشارنا[19]

## نالی و زمانی حەیوانات

نالی لەبەرئەوەی شارەزاییەکی باشی لە زانستی مەنتیق و ئەو زانستانەی تر هەبووە کە لە حوجرەکان خوێندراوە، بۆیە هەوڵیداوە شیعری کلاسیکی لەو قالبە

[18] دیوانی نالی، ل 401

[19] زایەڵەی زرێبار بەرهەمە بڵاونەکراوەکانی قانع، کۆکردنەوەی ئەحمەد نەزیری، چاپی یەکەم، سنندج 2003.

بباتەدەر کە تەنیا چەمك و تێگەهی زانستەکان تەوزیفی ناو تێکستەکان بکرێت و بەس، بەڵکو هەوڵیداوە ئەوەی کە دەستووری کلاسیزم ڕێی پێ نادا، ئەو نوێکاری تێدابکات و جێبەجێی بکات، بەتایبەتی لە مەسەلەی گفتوگۆ لەگەڵ ئاژەلان بەگشتی و ئاژەڵێکی وەك (کەر)یش بەتایبەتی، چونکە لە کلاسیکدا شاعیرەکان وەها خۆیان بچوك نەدەکردەوە کە لە زمانی عەقڵ و چینی بەرزەوە دابەزن و گفتوگۆ لەگەڵ ئاژەلانێك بکەن کە لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا جێی بایەخ نییە، لەم ڕووەوە ئەم کارەی نالی دواتر دەبێتە جێیبایەخی شاعیرانی دیکە.

بۆ وێنە نالی ستایشی کەرەکەی دەکات و لەپشت ئەو واتایەدا دەیەوێ مەبەستی دیکە بڵێت:

هەی کەرێکم بوو چ پەیکەر؟ طەی کەری هەوراز و لێژ

سینەپان و مووچەکورت و شانەبەرز و گوێ درێژ

بن زگ و جەبهەت سپی، کلك ئێستر و دامەن سیا

یەککە تاز و سێ بڕ و دوو باد و شەش دانگ و درێژ

تا دەگاتە

مل عەلەم شیرین قەلەم ئاهوشکەم مەیمون قەدەم

سم خڕ و کلك ئێستر و مەنزڵ بڕ و عارەق نەڕێژ

....

چەندە پێم خۆشبوو زوبانی حاڵی دەیوت نالییا

هەردوو حەیوانین، ئەتۆ گوێ کورت و ئەمنیش گوێ درێژ/[20]

ئەمە لەلای نالی هەمان لاساییکردنەوە دەبینرێ کە لەگەڵ کەر گفتوگۆ دەکات، بەڵام زمانی قانیع زمانێکی سادە و ڕوونە و بنەمای مەنتیقی و کەلامی لەگەڵ شیعرەکەدا تێکەڵ نەکردووە، وەك ئەمە لای نالی دەبینرێت:

کەرێکم بوو چ کەر؟ وەک با و بۆران

کەرێکم بوو چ کەر؟ بارکێشی دەوران

کەرێکم بوو چ کەر؟ چەشنی سەیارە

20 دیوانی نالی، ل 224

کەرێکم بوو چ کەر؟ وەک شێری مەیدان

کەری نووحی نەبێ، باپیری ئەم بوو
لەگەڵ گوێدرێژی عیسا، خاڵ و خوارزان

بە لاشە بەرز و زک ئەستوور و سەر زل
کەفەڵ گورج و پەراسوو چیخ و گوێ پان

شەقاودار و دوو شانە بەرز و مل قنج
کلک شۆڕ و سپی تووک و قەوی دان

**نالی و پەڕینەوەی لە سنووری سلیمانییەوە بۆ ناوچەکانی دیکە**

لەبەرئەوەی ئەوکات کوردستان لە ڕووی جوگرافییەوە دابەشی سەر چەند میرنشینێك بوو، بۆیە سنووری دەستکرد لەنێوان میرنشینەکان نەبوو، دەنگوباسە ئەدەبییەکان لە ڕێی حوجرە و مزگەوت و مەدرەسە دینییەکانەوە بۆ یەکتر دەگوازرانەوە، لەو سۆنگەیەوە ئەگەرچی پێش نالی، شاعیری کورد لە هەموو میرنشینەکان هەبوون، بەتایبەت شیعری میللی لە هەموو لایەکەوە لەبرەودابووە، بەڵام بارودۆخی سیاسی ئەوکاتی میرنشینی بابان، ڕەوشێك بوو لە ڕووی ناسیۆنالیزم و بایەخدان بە زانست و زانیارییەوە دەنگدانەوەیەکی هەبوو. هەبوونی نالییش وەك شاعیرێکی دیار و وەك دەستپێکێك بۆ ئەو شۆڕشە فیکرییە، وایکرد کە باندۆر و کاریگەری لەسەر دەڤەرەکانی دیکە دروست بکات.

ئەگەرچی ناوچەی موکریان بەگشتی و سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بەتایبەتی، کە لەژێر قەڵەمڕەوی میرنشینی ئەردەلانی بوون و لە ڕووی کاریگەریی سیاسیشەوە ئەردەلان لە فارسەکان نزیك بوون و بابانەکانیش لە تورکەکان، بەڵام سنووری دەستکرد نەبوو و ئەو دەنگوباسە ئەدەبییانە لە ڕێی حوجرەکانەوە زۆر بە باشی دەگوازرایەوە و نالییش چونکە خۆی لە سنە خوێندبووی و ئەو هاتوچۆیە هەبووە، کاریگەرییەکی باشی لەدوای خۆی جێهێشتووە و لەم ڕووەوە شاعیرانی موکریانیش لە نموونەی وەفایی و شاعیرانی دیکە، لاسایی بنەمای نووسینی شیعری نالی و شاعیرانی دیکەی بابانیان کردۆتەوە و زۆر بە ئاسایی ئەم لاساییکردنەوە دەبینرێ، تەنانەت هەر خودی نووسین بە شێوەئاخاوتنی سۆرانی و بە تەرازووی

عەرووزی، بەڵگەیەکی گرنگە لەناو نیشتمانی داستانی گۆرانی کە رۆژهەڵاتی کوردستانە، دەست بە نووسینی شێوەشیعری نالی و هاوەڵانی کرا. هەر بۆیەش هەر لەسەرەتاوە (قەسیدە و غەزەلەکانی نالی و سالم و کوردی لەپاڵ شیعری حافز و مەولانا و جامیدا لە بەیاز و کەشکۆڵ و پەراوێزی کتێبە دەرسی و ئایینییەکان لە مەدرەسەکانی موکریان خوێندراون و نووسراونەتەوە، ئەنجا خۆیان شاعیر و مامۆستای ئەم پێڕەوە ئەدەبییەیان لێ هەڵکەوتووە و برەویان پێداوە، تا ئەوەی ڕۆژ لەدوای رۆژ کەمتر دامەنگیری شیعر و ئەدەبیاتی فارسی بوون)[21]، واتە کاریگەرییەکە وەها قووڵ بوو، کە وایکرد رۆشنبیران و ئەدەبدۆستان هێواش هێواش واز لە شیعری فارسی بێنن و بە هەمان ئسلوبی نالی بنووسن و باشتر بەدوای شیعری کوردی بکەون.

ئەم کاریگەریی دروستکردنە، هەر تەنیا لە ئاستی شیعرنووسین نەبووە، واتە هەر لاساییکردنەوە نەبووە، بەڵکو سەرسامبوونیشە بە خودی کەسایەتی نالی وەك شاعیرێکی گەورە و داهێنەر، هەر بۆیەشە شاعیرانی دیکە ناویان هێناوە، بۆ وێنە (حاجی 14 جار باسی نالی کردووە، 12 جار ناوی هێناوە وەکو نالی، 1 جاریش وەکو خزر و جارێکیش بە هێما، لە ناوهێنان و باسکردنەکانیش، بەردەوام حاجی ڕیزی لە کەسایەتی نالی گرتووە و بە شاعیریەتی و شیعرەکانیدا هەڵگوتوە[22])

ئەم کاریگەرییە هەر تەنیا لە ناوچەکانی موکریان و باشووری کوردستاندا قەتیس نەماوەتەوە، بەڵکو باکووری کوردستانیشی گرتۆتەوە، بەتایبەتی لەوەدا کە نالی لە دوایین وێستگەکانی ژیانیدا هاتۆتە ئیستەنبوڵ و هەر لەوێش کۆچی دوایی کردووە، بۆیە هاتنی بۆ ئەو دەڤەرە و ڕیزگرتنی لەلایەن دەستەڵاتدارانی ئەوسای عوسمانی و خەڵکی کورد، کاریگەرییەکی گەورەی دروست کردووە و تەنانەت لە دەرکەوتنی یەکەم گۆڤاری کوردی کە گۆڤاری (رۆژی کورد)ە، دە هەڵبەستی نالی بڵاوکراونەتەوە[23]، ئەمە نیشانەی ئەوەیە ئەوکاتیش نالی دەنگێکی زیندووی ناو ئەدەبیاتی کوردی بووە.

---

21 شیعری موکریان و شوێنی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، د.عوسمان دەشتی، بلاوکراوەکانی ئەکادیمای کوردی، چاپی یەکەم 2013، ل64

22 ئایا.. حاجی قادری کۆیی نالی شارەزووری دیوە؟! لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریی بەڵگەیی شیعرییە، د.مەولود ئیبراهیم حەسەن، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە 23، ل158

23 بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە گۆڤاری رۆژی کورد، ژمارە 1،ئیستەنبوڵ، 14ی رجب 1331ی هیجری، ل 29-30

**ئەنجام**

لەم کورتە توێژینەوەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

-بەر لە نالی شیعری باشووری کوردستان، بەشی زۆری کەوتبووە بن کاریگەری دیالێکتی هەورامی و ئەم دیالیکتەش زیاتر بە داستانە شیعر و ئەدەبیاتی میللی خەریك بووە و کەمتر لە ڕووی هونەرییەوە ئەدەبێکی بەرزیان هەبووە کە پێوەرەکەی عەرووزی عەرەبی و هونەرەکانی لاساییکەرەوەی شیعری فارسی و عەرەبین.

-نالی بۆ یەکەم جار شیعری بە سەرواى یەکگرتوو و کێشی عەرووزی و هونەرەکانی دیکەی غەزەل و قەسیدە لە ئەدەبیاتی سۆرانی نووسی.

-نالی لە بواری نەتەوەپەروەری و ناسیۆنالیزمدا ڕچەشکێن بووە و بە ڕوونی لە چەند دەقێکیدا وێرای باسی نیشتمان، باسی باشیی میرنشینی بابان و باسی خراپی دوژمنانی کورد دەکات.

-نالی شانازی بە کوردی نووسینەکەی خۆی کردووە و لەم بوارەدا شانازیشی بە شێوازی پڕ لە گرنگ و واتاداری شیعرەکانی خۆیشی کردووە و کەسی بە شایانی هاوشێوەبوونی خۆی نەزانیوە.

-نالی تەنانەت پابەندی قالبەباوەکانی کلاسیکیش نەبووە و ویستویەتی لەو پەنایەدا شێوازێکی تایبەتی خۆی هەبێ، ئەمەش کارزانی و لێهاتوویی ئەو لە بواری زمان نیشان دەدات، کە بۆ یەکەم جار شیعری کوردی بە سینتاکسی عەرەبی نووسیوە.

-کاریگەری نالی هەر تەنیا لە چوارچێوەی میرنشینی بابان نەماوەتەوە، بەڵکو پەلی بۆ سنە و موکریانیش هاویشتووە و دواتر وەك ڕابەرێك لە گۆڤارە کوردییەکانی سەردەمی عوسمانیدا بە گرنگییەوە شیعری ئەویان چاپ کردووە و شاعیرانی دیکەش بە گرنگەوە ناویان هێناوە.

-نالی تەنیا وەك پێوەرە کلاسیکییەکە نەیویستووە هەر لە چینی بڵندەوە بمێنێتەوە، بەڵکو هاتۆتە چینی خوارەوەش، بەڵام بە فەلسەفەیەکی پتەوەوە موخاتەبەی دەوروبەری خۆی کردووە و گفتوگۆکەی نێوان نالی و کەرەکە، بناغەیەکی پتەوی ئاخنینی زانستی مەنتیقە لەناو تێکستێکی شیعریدا.

## سەرچاوەکان

**کتێب:**

ئەدەب و مێژوو(چەپکێ لێکۆڵینەوە لە ئەدەب و بەڵگەنامەی مێژوویی کورد)، محەمەد حەمەباقی، بلاوکراوەکانی موکریان، هەولێر 2013.

دەقنامە، محەمەد عەلی قەرەداغی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، 2008.

دیوانی قانع، بەهاری کوردستان، دیوانەکە لە ماڵپەری ڤەژین بووك وەرگیراوە.

دیوانی نالی، مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتح عەبدولکەریم، بەغدا، ٦٧٩١.

شیعری موکریان و شوێنی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، د.عوسمان دەشتی، بلاوکراوەکانی ئەکادیمای کوردی، چاپی یەکەم ٣١٠٢.

ناسیۆنالی ناوەکی و ناسیۆنالی دەرەکی لە شیعری کوردیدا-بونیاتی مێژوویی شوناسی نەتەوەیەك- پ.ی . سەلام ناوخۆش، هەولێر ٥١٠٢.

نالی لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا، هێمن عومەر خۆشناو، چاپخانەی کارداشلەر مەتبەعەسی، قەیسەری، تورکیا، ٧١٠٢.

نالی لە دەرەوەی کوردستاندا، د.عەبدوڵڵا حەداد، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر ٢٠٠٠،.

نالی لە کلاوڕۆژنەی شیعرەکانیەوە، محەمەدی مەلاکەریم،چاپی دووەم، ئاراس، ٩٠٠٢.

گۆڤار:

ئایا.. حاجی قادری کۆیی نالی شارەزووری دیوە؟! لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریی بەڵگەیی شیعرییە، د.مەولود ئیبراهیم حەسەن، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ٣٢.

گۆڤاری رۆژی کورد، ژمارە ١،ئیستەنبوڵ، ٤١ی رجب ١٣٣١ی هیجری.